سەنتەرێکی موقەدەس نییە، بازنەیەك بە دەوری خۆیدا نەکێشێت" 6، لە وێنگەی حیکایتخوانەوە، مەریەم سەنتەری پیرۆزی لە موقەدەسەوە وەرگرتووە، لە لێکەوتەی بازنەی پەیوەندییەکانییەوە، درك بە دەرهاویشتەی چەندین ململانی دەکات، بە دیو، بە چارەنووسەوە گرێدەدات، بە دیوێکی تر، ئەم ململانییە شاراوە نییە، ململانی شوێنکات نییە، بەڵکو کێشەو بردەی پێدراوەکانی داکەوت و هەقیقەتە، داکەوتی پەیوەندی حیکایتخوانە بە مەریەمەوە، بەڵام هەقیقەتێ لە نێوانیاندا دەوەستێ، ئەویش چاوکەسکی هاوێِیەتی، کە دنیای بێگەردی لەکەدار کرد، پەنجەخواریش وەك لێکەوتێ دەرکی، زیاتر بازنەی ئابرووی مەریەمی پیسکرد، لە دنیایی تێلەکردنەوەدا، هەوێنی کەتنیکی تری خۆشکرد، چاوکەسکی لە دەستچوو، بەڵام مەریەم و پەنجەخوار، هێشتا لەبەر دەستن، ماوەنەتەوە، یەکەم مەریەم بە زۆر ئیشی خۆمی لەگەڵ دا دەکەم، گەر لەزەتی جەستە، پیرۆزی نەدا پێم دەیکوژم، بەڵام کە پیرۆزی دەسنەکەوت، وەك پەرچەکردارێك، پەلەماری پەنجەخواری دا، لەگەڵ یەکەم دەستوەشاندنیدا، پەنجە خوار لێیهاتە دەست، تۆرو پێی لێدا، بەزۆر لەبن دەستیان دەرهێنا، بێ دووەمجار شکستی هێنا، جاری یەکەم لەگەڵ چاوکەسکدا بوو، ویستی بە ڕێگای هاوێەگەزخوازییەوە چاوی بشکێنێ پیرۆزی مەریەمی لێ وەرگرێتەوە، جاری دووەم ڕێچکەی تووندوتیژی گرتەبەر، ویستی ماف و پاکدامێنی مەریەم بگڕێتەوە، لێرەوە دەکرێ، ڕەچاوی پەیوەندییەك لەنێوان سێکس و تووندوتیژی دا بکەین، لە هەر شوێنێ پێوەرێك نەبی بێ سێکس، پێوەرێکیش نابێ بێ تووندوتیژی، گەر سێکس لە چوارچێوەی مرۆڤبووندا، بەهاو حورمەتی ڕاحی لە پشت نەبێ، بگەردرێت بێ ئامرازێکی بێ دڵ، بێ کوشتن و دامرکاندنەوەی ئارەزووی ئاگوزەر، ئیتر چ جۆگیرییەك دەهێلێتەوە بێ پتەوکردنی بە هاکانی مرۆڤبوون و گیانی قوربانی و حیرس و خورپەکانی ئەویندارێ، بەدەر لە کردەی ئەویندارێ، لە نێوان کورو کچدا چ هاوسەنگیەك دەمێنێتەوە، ئەی چۆن شانازی لایەکیان نابێتە هۆی سووککردنی لایەکەی دیکە، پارادۆکس ئەنجام نادات، ئەم نادادوەرییە، جیاوازییەیی نێوان کورو کچ، ڕەتکردنەوەیەکی زەقی پرینسیپی لەزەتە بەرانبەر بە بەهاو نرخ، دەسکەوت و بردنەوەی لایەکە بەرانبەر بە دۆراندنی ئەویترە کە لە کچدا خۆی نمایشدەکات، بێ نرخکردنی سێکس، بێ نرخکردنی مرۆڤە، شکاندنی حەز و لەقکردنی پیرۆزی دیوە جوانەکەی سروشتە کە ئافرەتە، ئایا مەریەم وەك ئافرەتێك لە کۆی سروشتی ناپاکیدایە، یاخود لە کۆی پاکدامێنی و بێ تاوانیدایە، کاتێ حیکایتخوان وەك بکەرێك چەمکی تێگەیشتن بە ڕاستینەوە گرێدەدات، بە ڕاساکانی چۆنایەتی گەیشتن بە یەقین، هەوێدەدات پەیوەندی خۆی لەتەك کەسایەتی مەریەمدا هەڵسەنگێنێ، لە

سایەی سیمۆلۆژیای سۆزو چۆکردنەوە دا، دەیەوێت تواناکانی کار لە بکەرەوە بگۆڕێت بۆ کردار، لە ژێر جومگەکانی ئەم جیاکارییەی گریماسەوە، ئەبێ لە کۆدا، باوەر بە پاکی و ناپاکی مەریەم بکات، کە بەم جۆرە دەکرێ پۆلینبکرێت " یەکەم ڕاستینە یکسانە بە ئەبێ، پێدەچێ، دووەم نەهێنی یەکسانە بە دەبێ، پێناچی، سێیەم درێ پێدەچێ نابێ، چوارەم بەلاربردن و چاو هەڵخەڵەتاندن پێناچێ نابێ" 7 ئەم ئەگەرانە دەبنە هاندەری دزەکردن بۆ نێو ژیانی مەریەم، لە لەزەتی دۆزینەوەی زیندگی دا، قەرەبووی شتێکی ونبووی پێبکات، کە لای هەگەزی مێینە دا چەسپیووە، لای مەریەمیش شقێیگرتووە، ئەسك قورسییەتی کە ناچێتە دڵەوە، لە پاش ئەوەی نەیتوانی نهێنی ناخی مەریەم بخوێنێتەوە، دەبێ هەزی خێی لە ببینی نهێنی جەستەی مەریەم دا ببینێ، خێی دەرخات، دەبێ بەگە لەسەر بینینی جەستەی مەریەم بە دەستبێنێ، وەك دوا چەکی نەیارێك، یەکەم دەتوانێ مەریەمی پێ بکوژێت، دووەم دەیەوێت بەهاری پەیوەندی ئەویندارى لە دۆزەخی هاوینی دا کورتبکاتەوە، بەدەر لە خۆشەویستی یەکسەر بێتە سەر سێکس، مەریەم کاری وای کرد وەرزەکانی بەیککەیشتنی تێکدا، پەیوەندی نێوان بەهارو هاوینی پچڕاند، ئەوی ماوەتەوە هاوینی چاوەڕوانییە، درەختی هاوینەو حەمامی ژنانە، لە دوای سێ وەرز لە چاوەڕوانی، بێ دواجار گەیشتە دوا خەون، وەرزی چوارەم، ئێستا لە پەنایەکەوە سەیری نێو حەمامی ژنان دەکات، لە ئەشکەوتەکەدایە، وا مەریەم بە ڕووتی دەبینێ، بەرگە ناگرێت تەماشای کامیان بکات، هەموو جوانن، مەمك، ڕان، سمت، یەك موویان پێوە نییە، تەنیا یەك دوانیان نەبێ، یەك لەوان مەریەم بوو، ناوگەڵی پربوو لە موو، سەیری ئەو مەمکە تۆندو تۆڵە بکە، بڕواناکەم دەستی کەسی بەرکەوتبێ، برادەرە پەنجە خوارەکەم درێکرد، چاوی منیش بە هەمان شێوە درێکرد، ئەو ژنەی بن برادەرە چاو کەسکەکەم مەریەم نەبوو، لەش و لاری مەریەم، بە هی کەس ناچێت، جوان دیقەتم داوە، هەتا ماوم چاکەی پیری بەفرم بیرناچێت، بەهشتی پێ نیشاندام، پیری بەفر با تامی بکەم، خۆم ناگرم، با بگەمە نێو سێ گۆشەکەی بەین ڕانی، لە دوای ئەم دیمەنە خۆشەوە، حیکایتخوان هەست بە سەرکەوتنێ دەکات، ڕاچیتەی نهێنی جەستەی مەریەمی پێیە، فشارێکە بۆ دەسکەوتنی لەزتی جەستەیی، ڕەش لە سپی، پاك لە پیس، بەهار لە هاوین، گومان لە ڕاستی دا دەدۆزێتەوە،"ئافرەت تەنیا بۆ ئەوانە داخراوە کە کلیلەکەیان بزرکردووە"8 ڕێگای پێدەگرێت، لە دیالۆگکدا، لە پاش هەوڵدانێك، خۆشەویستی بەری تێدا ناگرێت، دێتە سەر باسکردنی نهێنییەکانی جەستە، دواجار تۆخی دەکاتەوە پێیدەڵێت" باشە بڵچی مووی بن هەنگڵت کردووە، کەچی هی ناو ڕانت نەکردووە" ڕۆمان ل 204،

که دەڵێت بە چاوی خۆم دیومە، مەریەم ملنادات رەتیدەکاتەوە، ئەوجا پێدەڵێت، ئەوە من بووم تۆم بینی لە بن کورە چاو کەسکەکە پاکەوتبووی، ئەمجارەش مەریەم لە دەستی هەڵدی و شکستییەکی تر دەخاتە سەر شکستییەکانی، شکستی لە دوای شکستی ئاوەزانی پێدراوەکانی واقیع دەبن، لە خەونی ناخۆش زیاتر هیچی بۆ نامێنێتەوە، ئایا خەون دەستبەسەراگرتن و داکشانی بۆئاگایی نییە، پەینەوە نییە بۆ دنیایی ئاگایی، لەسەر تۆپکی هەشبینیەدا یەکناگرن، حەوت شەوە مەریەم شووی کردووە، کە بردیان لەبن تاراوە بزەی ماڵئاوایی لێکرد، لە دوای ئەو حەوت شەوە، حیکایتخوان خەون بە دڵندی پارانەوە دەبینێ، پیری بەفر لەبەر خاتری مەرگ ئەم گوریسەی شۆرکردووەتەوە، دەبینێ ژنەکان دەستی بۆ درێژدەکەن تا هەڵیکێشن، ئەوە مەریەمە دەستی داوە تا بمکاتە ئامێزی، لەپێ گوریس دەپچڕێت، دەکەوێتە سەر زەوی، لە ئێوارەی ئەو خەونەدا بوو، پیری بەفریش کۆچی دوایکرد، تەنیا مەریەم و پەنجە خوار، ئامادەی پرسەکەی نەبوون، ئەو هەفتەیە سێ شتی گەورە لە ژیانی حیکایتخوان دا ڕوویدا یەکەم مردنی پیری بەفر بوو، شووکردنی مەریەم، سێیەم خەونەکەی بوو، بەر لە مردنی پیری بەفر بە ڕۆژێك هەواڵی هەدووکەوتنی مەریەم هات، شەوێك لای زاوا بوو، بۆ شەوی دوایی لەگەڵ سیامەند دا کە جوانترین کوری دنیایە، چاوەبڕکێی کرد، هەڵهات، لە شووکردنی دووەم دا کەس نازانێت بۆ کوێ چوون.

سێگۆشەی ئەدیبی و گەمەکانیی سیانەیی

" چەند سەیرن، سروشت و دایك! هەردووکیان بە میهرەبانی ناسراون کەچی سەرچاوەی هەزاران کارەساتی گەورەن"9

جێناوی منی قسەکەر جێناوی ئاز و سەدای دەنگکی گیانەوەیە، دەتوانێ ببچێتە نێو دەروونەوە، مەبەستە شاراوەکانی بگەڕەوە ئاشکرابکات، منی قسەکەر ئاوێتەی خوێندنەوەی گیانەوەی دەقبکات، پەردە لەسەر دەرچەکانی خود هەلمَاڵێ، لە ناوەخنەوە بۆ ناوەوە، یان لە ناوەوە بۆ دەرەوە، ئەمەش بە زەمەنی خودیی یان دەروونییەوە پەیوەستە، کە دەتوانێ بابەتکی ئاسایی بکاتە نائاسایی، پێچەوانەکەشی دروستە، ئەنگە لەنێو پێدراوەکانی دەقدا، هەندێ دەستەواژە ببێتە ئاچیتەیەك بۆ چوونە نێو دنیا تایبەتەکەی حیکایتخوان، کە لە چەند ویستگەیەك دا خۆی دەنوێنێ، ویستگەی یەکەم، کاتێ ئادەستی غایلەیەك بوو، مەریەمی گەیاندە هەلهەلەی ئاسمان، وەك پەمردێك سەیریکرد، لە حەزو ئارەزووی زەمینی دایبڕی، لە جوانی و پیرێزی دا لە هەموو کچی دنیا جیایی کردەوە، ئەمەش ئەنگدانەوەی دەروونکە، پەروەردەی سۆزکی نادروستە، ناتوانێ

هەوڵنێك بێ جەستە، مانایەك بێ لەزەت بدزێتەوە، پێشتر گووتمان هێمایەك بوو بێ پاكدامێنی، مەزەندی ئەوە ناكات جوانێكی ئاوەها ماچ بكرێ، یان كەسێ هەبێ بۆری ئەوە بكات، دەستیلێبدات، جوانی وا تەنیا هی سەیركردن و ستایشە، نەك دەستلێدان، لەنێو جومگەكانی پیرێزیدا، وروژاندن ناتوانێ وێنەی خێی بكێشێ، ئەوە كاریگەری وێنەی دایكە دەتوانێ لە هزرو دەروونداوێنەیەكی بێ لەكە بنەخشێنێ، سامپێی دەسەڵات و هەوشتمەندی هەڵگرێ، هەكاری شكستی پەیوەندی ئەویندارێی حیكایتخوان، دەگەڵتەوە بێ كردەی خێداخستن، ناتوانێ لێی قووتاربێ، ئامادەبوونی وێنەی پیرێزی دایكی كە دەسەڵاتی خێشەویستییەكی ئەوتێی لەسەر دەروونییدا بەجێهێشتووە، لەو ساتەی مامێستاكەی پێی ووت، ناچیتە دڵەوە، بۆشایی سێزداری پووكانەوەیەك لەنێوان دایكی و مەریەم دا پردەكاتەوە، بەیەك نەگەیشتن لە پەیوەندی ئەویندارێی، دووچاری كێشەیەكی بووناگەریی دەكات، چارەی بێ نادزێتەوە، یان لووتكەی خێشەویستییەكی هەها تا ئاستی پەرستن، دوور لە غایلەی سێكسی، یان هەچوونی یەكسەری بێ نێو دونیایی سێكسی پەتی بێ خێشەویستی، سێزداری یان سێزانی پەتی، هەحی بێ جەستە، یان جەستەی بێ هەح، مەودایەك لەو نێوەندە نییە بە خێشەویستیی بەركەماڵ بێ، بێیە لە مەریەمی بێ حەزو سێكس، دایكی ئاسا شایستەی خێشەویستییەكی هەها و بێ كۆتاییە، خێشەویستی لەو بارە هەحییە دا لەتەك پیرێزی دا درز دروستناكات، بەر نەفرەت دەكەوێت گەر بیر لە هەوەس و شەهوەت بكاتەوە، تا ئێرە مەریەم فەرزەندەیەكی ئاسمانی هەحییە، هەوییەكی پاكی دایكانەیە، بەڵام لە دوای ئەو تاوانەی چاوكەسكی هاوڕێی كە لەتەك مەریەم دا ئەنجامیدا، لە دڵخێكی شەرمنانەدا بینی، نەیتوانی سەیری شكاندنی وێنەی دایك بكات، كە لە مەریەم دا بەرجەستە بووە، هەڵهات، لە بەهشتی سێزی دایكانەوە فرێدرایە دێزەخی پەشیمانی، بە تێپەڕاندنی وێنەی دایك لە پیرێزییەوە، بێ ناپاكی و داوین پیسی چووینە ویستگەی دووەم، چ كارەساتێكە، ئەم دوو وێنەیە چۆن لە مەریەم دا كۆبووەتەوە، چ دوو هەوییەكە لە چوارچێوەیەكدا دەقی گرتووە، ئەی چۆن هەنگدانەوەی ئەم وێنەیە پارادێكسێ لەگەڵ دنیای ئەمدا ئەنجام نادات، ناتوانێ جێگای بكاتەوە، پاراستنی وێنەی ئەم هەوداوە، لەتەك چەمكی مانەوەی هیچ و پووچی دا یەكنایەتەوە، بەڵگەی ناپاكییەكە، ناكرێ لە هووخساری دایكێكی دووەودا بشاردرێتەوە، هەوییەكی لە وێنەی دایكیكدا، حیكایتخوان دەیناسێ، هەوییەكی تری چاو كەسك ئاشكرای كرد، هەبەت بە پێی ئەم بنەمانە دژوار نییە، لە سێگۆشەی ئێدیبییەوە، هەانانی بێ بكەین، لایەكی بنكەی سێگۆشەكە، دایكێكی ناپاكە، لە مەریەم دا خێی نمایشدەكات، لایەكەی دیكەی بنكەكە چاو كەسكە، ئەمانە هەردووكیان،

بەرانبەر حیکایتخوانن، لە بنکەی هاوکێشەی پەیوەندییەکدا، نزیکبوونەوەی نێوان مەریەم و چاو کەسك، بڕیاری ئاق و کینیەکی هاملتانە، لای حیکایتخوان گومان بە تۆمەتبارگاویدەکات، نزیك بوونەوەی مەریەم لە هەریەك لەو دوانە، بە دەرکردنی یەکێکیان کۆتایی دێ، پەنجە خوار، لێرەش حەرەسە لە دەرەوەی سێگۆشەکە وەستاوە، چاوەڕێی هەل دەکات، پەلانی دادەڕێژێت نزیکبوونەوەی حیکایتخوان لە چاو کەسك، ترسی ئەتککردنی بە دواوەوە بوو، بۆیە هەم لە مەریەم هەم لە حیکایتخوان دوورەکەوتەوە، حەرەس بە ووتەووت، پێداگری لە سووککردنی مەریەم دا دەکات، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، دەیەوێت حیکایتخوان لە مەریەم دوورخاتەوە، بە ژێرەوانکی ووماڵی خۆشەویستیەکی نەهێنی بەرانبەر بە مەریەم هەیە، ئیرەیی دەکات، دەیەوێت مەریەم لە پێشچاو حیکایەتخوان بخات، هەموو جۆرە و قسەکردنێکی دیاربێ یان نا، شاراوەیەك هەڵدەگرێ، چاوگەکەی چەوساندنەوەیە، تیژکردنی گیانی دوژمنایەتی و غەیوریە، بەدپلانییە تا ئاستێك دیاردەکانی هاوڕێیەتی وەردەگەڕێتە سەر دژەکەی، وەهمی ئەوی تەنیا ئەم حیکایتخوان ماونەتەوە بگەنە مەریەم، دووپاتکردنەوەو گۆڕانەوەی ئەم قسانە بەو جۆرە مەدلوولی دوانەیەك لەخۆدەگرێ، خۆشەویستی حیکایتخوان دەگۆڕێ بۆ قین، وەلێ پیش ئەوەی مەریەم بگۆڕێتەوە بۆ خۆی، حیکایتحوان بە شەر کۆتایی پێهێنا، حەرس بە ڕاگواستن، خۆی لە کەتناوە و مەریەم دوورخستەوە، لە دوای ئەم ڕووداوانەوە حیکایتخوان زۆر ڕقی لەخۆی دەبێ، ئەم ڕقە بە خۆلەناوبردن نەبێ کۆتایی نایە، چەند جارێ هەوڵی بۆ داوە، چیدی ناتوانێ هەستی گوناە لە چوارچێوەیەکدا بشارێتەوە کە هەمیشە خۆی دەنوێنێ، لە ئاستی ئۆدیبیدا هەستکردن بە گوناە، هەوڵنکی لەبارە بۆ لە دەستدانی ئاوەز یان خۆلەناوبردن، هەر لە گۆشەنیگای ئۆدیبیەوە، هەستکردن بە گوناە دەگۆڕدرێت بۆ تاوانبارکردن لە دەرەوەدا، لە ڕوانگەی ئۆدیبیەوە بە دیاریکراوی دایك پابەندە بە خۆشەویستیەوە کە دەکاتە مەریەمی پێش ناپاکی، یەکسان نییە، بە مەریەمی دوای ناپاکی، مەریەم تاقە کەسێکە دەتوانێ پارچە تکشکاوەکانی، حیکایتخوان لەیەك نزیکبکاتەوە، لە سێگۆشەی کەتناوە دابیهێنرێتەوە، کە سێ نهێنی لەخۆگرتووە، یەکەم دێندی پاڕانەوەیە بۆ خەو بینین بە سێکسەوە، دووەم درەختی هاوینەیە (حەمامی ژنانە)، بینینی جەستەی ژنە هی مەریەمە بە تایبەتی، حیکایتخوان لە دێندی پاڕانەوە، بە پچڕانی گوریسکە، کەوتنەخوارەوەو شووکردنی مەریەم بە کەسێکی بێگانەو نەناسراو، نەیتوانی بگات، نە بە مەریەم، نە بەخەونەکەی، بەڵام لە حەمامی هاوینە مەبەستی پێکا، بە جوانی بە دیقەتەوە، بە چاوی خۆی سێگۆشەکەی بەینی ڕانی مەریەمی بینی، هەر

وەك نەخشی سێگۆشەی بەهاری کەتناوە، هەردوو بێ ئەم هاوشێوەن، ئەم وەك هاوینێکی تەمەن کورت و بێ مەودایە وەك بن هەنگڵی مەریەم سافکراوە، بەتووکە، شاراوە نییە پێلینکردنی مامەی مەریەم لەگەڵ دوو هەست ووردژنی جەستەی دا، بە تاشینی بن هەنگڵی، نەتاشینی مووی سێگۆشەی نوێ انی، جیکاری هاوین و بەهارە، لەسەندنەوەی بەهارە، لە هاوینی حیکایتخوان، هاوینێك وەك بن هەنگڵی مەریەم ساف و لووس کرابێ، گەر پلەی مەریەم لە دایکەوە دانەگرێ بێ سزانی، چۆن ڕێگا دەدات پیرزی سێگۆشەی بەهار بشکێنرێت، ئەدی چۆن لە دوو تەوانینی دژوازدا، هاوین و بەهار، ساف و تووك یەکدەگرن، دوو تەوانین لە یەك کەسدا، بەرانبەر دووکەس لە یەك تەوانیندا، چۆن یەکدێنەوە، کە لە مەریەمدا خڵی دەبینیتەوە، سێگۆشەی کەتناوە، سێ ڕێگای لێدەبێتەوە، سێگۆشەکەی نوێ گەڵی مەریەمیش سێ ڕێگای لێدەبێتەوە، یەکەم ئەوی بینیویەتی و تامی نەکردووە، شەڕ بێ پیرزی دەکات، چاوی ئەوەش دەشکێنێ کە تووخنی دەکەوێت، دووەم ئەوی تامی کردووە، لە ترسانا دەستبەرداری دەبێ، نە بادا خڵی بدڕنێ هەڵدێ، کەسی سێیەم پەنجەخوارە حەرسەکەیە، خڵی ماتکردووە، لە هەل دەگۆڕێت، لە پاش حەوت ساڵ، لە دوای دوو شوو مەریەم دێتەوە، بێ سێیەم جار هاوسەرگیری لەتەك حەرس دا دەکات، سێیەم درەختی وشەیە، بەسەرهات و بڕشایەی ئەو خڕشەویستییەی حیکایتخوان بێ مەریەمی جێهێشت، کە تێدا ئاویزانی بوو، بە هەمان ڕادەی ئەو بڕشایە، مەریەم ستەمی لێکرد، چەوساندییەوە، ئەمەش پارادەکسێ لەتەك وتاری فەمێنییزم دا ئەنجامدەدات، پێچەوانە دەسەلمێنێ، لەبری کچ، کوڕ بە دەستی کچ چەوساوەتەوە، مەودای ئەم چەوساندنەوەیە، دڕێنە، تەنیا لە مەریەمەوە نییە، لەو ساتەوەیە مامستا کچکە پڵی وت تێ جڕکی ناچیتە دڵی هیچ کچکەوە، ئەو مەوداییە لەنوان حیکایتخوان و مەریەمدایە، هەمان ئەو مەوداییەی نوان هەرزەکاری و کامبوونە، نوان، خەیاڵ و هەقیقەتە، گەشبینی و بێ ئومێدییە، نوان بەهارو هاوینە، بن هەنگڵی مەریەم و سێگۆشەی نوگەییەتی، حیکایتخوان، سێ بەرکەوتنی لەتەك مەریەمدا هەبوو، یەکمجار وەك خواوەند تەماشای دەکرد، تەنیا ڕڕح بوو، دووەمجار لە پاش چاو کەسکەوە شەرمی لێدەشکێ، دێتە ڕیزی مرۆڤ، دەبێتە ڕڕح و جەستە، سێیەمجار کە لە حەمامی هاوینە بە ڕووت و قووتی دەیبینێ، ڕڕحی لێ وەردەگرێت، دەبێ بە جەستەیەکی پەتی، بە سزانی سەیریدەکات، لە گرتەیەك دا پێیدەڕڕت، ئەوەی لەگەڵ خەڵك دەیکەی لەگەڵ منیش بکە، پارەشت دەدەمێ، مەریەم بەجوانی دەیخوێنێتەوە، کە شووی یەکەم دەکات بە چاو، بە زەردەخەنەیەکەوە، ماڵئاوایی لێدەکات، حیکایتخوان بە ەزامەندی و ئاشتبوونەوە تێدەگات، مەریم بە بەزیی وبە هەڵە

تەگەیشتنی پەیوەندی کۆ کچ سەیریدەکات، مەریەم لە پاش دوو ئەزموونی هاوسەرگیری، بۆ جاری سێیەم شوو بە پەنجە خواردەکات، حیکایتخوان، لە بن درەختی وشەدا، بەسەرهات و گۆرانیەوەی ووداوەکان، بە سیو سێ بەش، بە گوێرەی تەمەنی لە ماندەکەیدا کێشاندەکاتەوە، لە دوای شووکردنی یەکەمی مەریەم، وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا، چۆن لە پێناو هەڵگرتنی گوناهەکانی، شکاندنی تابۆکانی، نابێتە عیسایەك، لە خاچ نادرێ و دیار نامێنێ، ماندەکە لە ئاست دەق و بنیادی گۆرانەوە دا، لە سێ کەس پێکهاتووە، یەکەم پیری بەفرە، بە گفتەلێو بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، دووەم حیکایتخوانە لە دەفتەرێکدا، کاتێ دەینووسێ، بە سێ شت دەکیدەخات، کە چای و قاوە و جگەرەیە، لە دەمەاوکێ نووسینیشدا، باس لە سێ تەکنیکی نووسین دەکات، کە هەشکردنەوە و بڕشایی و پێکردنەوەیە، سێیەم پەنجەخوارە، پێیدا دەچێتەوە، لە پاش حەوت ساڵ دەفتەرەکە، دەدزێتەوە، دەیگەیەنێت بە ئیمەی وەرگر، ماندەکە، لە سی و سێ پاژ پێکهاتووە، پیری بەفر لە دوای یانزە پشتەوە هاتووە، هەرپشتێکیان مژوویەکی نادیارە لە مژووی نەزانراوی کەتناوە، سی و سێ پاژ دابەش یانزە پشت بکە، دەکاتە سێ، ئەم سێیە، وەك ناوێك لە مژوودا، ماونەتەوە، یەکەم گەنجێیە نە هاتە سەر ئاینی نوێ تەنیا ئاسەواری گۆڕەکەی ماوەتەوە، دووەم چەتێیە، هاتە سەر ئاینی نوێ، سێیەم پیری بەفرە، کەسێکی ئەفسانەییە، زاوای هەموو دنیایە، هەوشتی زۆربای هەیە، بزەنەرەکانی گۆرانەوە، لە سێگۆشەی کەتناوە، سێ کارەکتەری سەرەکی بوون، لە سێگۆشەیەکدا دەلی سێ تەوانینی جیاواز دەبینن، یەکەم پیری بەفر، بە هەموو پێوەرێك کارەکتەرێکی کلاسیکی بوو، هەر لە ئازایەتی و مەردایەتی و هەوشت بەرزی و لێبوردەیی، مامەی جوانی لەتەك ئافرەتاندا، دووەم حیکایتخوانە، کارەکتەرێکی دژنکیخێتیە، تەژییە بە شکستی و تراژیدیای فرەدنگی و نەهامەتی، بەمەش دەتوانێ پایەکانی دەمان لە کلاسیکەوە بگوێزێتەوە بۆ دەمانی مۆدرن، سێیەم مەریەمە، ئافرەتێکە بزاڤی فەمنیزمی هەیە، لە هەستیدا پیرزی خۆی دەدزێتەوە، لە بیاردانداوو دژ نییە ئازادە، مەریەم لە سێ بار، باز بەسەر خۆیدا دەدات، ئەوجا لەنگەر دەگرێ و دەگیرسێتەوە، مەریەمی سەرەتای پێش ناپاکی جیاوازی دروستەکات لەگێ مەریەمی دوای پاکدامێنی، لەگێ هاوسەرگیری سێیەمیشدا دەگەڕێتەوە لەتەك شوێن دا یەکدێتەوە، پێگەی خۆی لە کەتناوە دا دەدزێتەوە، ماندەکەی بە دیاری پێشکەش دەکرێ، حیکایتخوان لە یەك کاتدا لە سێگۆشەیەکدا، بە سێ نەهامەتی ئابڕوقە دەدرێت، یەکەم مردنی پیری بەفرە، دووەم شووکردنی یەکەمی مەریەمە، سێیەم خەونە ناخۆشەکەیەتی، لە یەکمدا مردنی ووە بەهاریەکەی

بوو، لە دووەمدا گەنانەوەیەتی بۆ هاوین، ئاگواستنە لە سۆگۆشەی تەن و پێەوە بۆ بن هەنگڵی ئووت و وشك، لە سێیەمدا ئادەستبوونە بە سەرهەڵگرتن، بەهوودەییە لە ونبووندا.

پیری بەفر

کارەکتەرێکی ئەفسانەیی ئەرنییە، دەتوانێ کاریگەری لەسەر دەوروبەردا دروستبکات، بە زمان و هەگەزەکانی گیانەوە پەیوەندی بە پێکهاتەی دەقەوە دەکات، گوزارشت لە مەبەست و ئەزموون و دنیابینی خۆی دەکات، بە ئاشکاوی باس لەوە دەکات کە هەژدە ژنی هێناوە نەکەسیانی تەڵاق داوە، نە ئازاری داون، هەرگیز لە یەك کاتدا دوو ژنی پێکەوە نەبووە، مامەی لەگەڵیاندا مەردانە بووە، سەربازی نەکردووە، لەگەڵ سەربازانی ڕوس و عوسمانلی عەرەب و عەجەم شەریکردووە، شەری برا کوژی نەکردووە، بۆ بریندارى سۆجار تا سەد بژمێرە، تورك، عەرب، فارس و جاشی کوشتووە، پەنجا ساڵە جگەرەی تەرك داوە، باس لە دوو شۆنی فانتازی دەکات، یەکەم باس لە دڕندی پاڵانەوە دەکات، چۆن گیانەکانی سەر قەڵای لێوە دیارە، هاوینێك بۆ خاتری مرۆ حەوت گوریسی لەگەڵ خۆی دا بردبووە دڕندی پاڵانەوە، مرۆ ئەو ناوەی لێنا، ئەو شەوە لە دوای سەرجێی و بیسمیلکردن، بەدەم سەماوە بۆ منداڵ لە خودا پاڵانەوە، گەر مرۆ نەبوایە ئەو دڕندە بە دڕندی شەیتان ناودەنرا، هەرچی ژنی دنیا هەیە بە ئووتی دڕنە وێزەت، شەیتانی دەبیت، پیری بەفر چەندین جار لەوێدا لەگەڵ ژنانی دنیا شەیتانی بووە، دووەم باسی درەختی ژنان یان درەختی هاوینە دەکات، دڕندی پاڵانەوە و درەختی هاوینە دوو ئووی دراوێکن لە خەزێنەی غەریزەدا مامەی سۆکسیان پێوە دەکرێ، لە یەکەمدا خەیاڵ بەرکەماڵە ئوویەکی هاوینییەیە لە حیکایتخواندا ووردەکرێتەوە، لە دووەمدا راستینەیە ئووە بەهاریەکەیە کە پیری بەفر پەنجا جار زیاتر چووەتە خزمەت ئەو درەختە، ژنانی بە ئووتی بینیووە، لەوێ گونازی بینی، باوکی ناچار کرد گونازی بۆ بهێنێ، گونازی ژنی یەکەمی پیری بەفربوو لە داخی بۆ منداڵی کۆچی دواییکرد، پێش مردنی گونازی، پیری بەفر لە گەشتێکیدا بۆ باکوور لە گوندێکدا بەفر ڕێگایان پێدەگرێت، بڕی ناسی و حەزیلێکرد، لە شەوێکدا لاقەیدەکات، گفتی پێدەدا، کە بگەڕێتەوە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، کە لە ئەستەمبووڵ دێتەوە بووکێ تورکی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، نێوی سەحرە، لەگەڵ سەحر کە دەگەنە هەمان گوند هەواڵی کوشتنی بڕی دەبیستێ، کە دووگیان بووە براکانی کوشتوویانە ئەو ساوایە تاقە وەچەی پیری بەفر بوو لە سکی بڕی دا مرد، لەو هەژدە ژنەی هەیبوو هیچیان منداڵیان نەبوو، هەموو بەو داخەوە

سەردەنێنەوە، نێ لەو ژنانە لە گەرستانێکدا ، لە ژیر سێ دار مێو کەپرێکیان بێ دروستکردووە، بە تەنیشت یەکەوە نێژراون، کەلی گڵەکان یەك جۆرو یەك ئەندازەن هەر کەسێ بە ئاینی خۆی نێژراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، پیری بەفر بەیەك چاو سەیریاندەکات، یەکیان نەبێ هەموو ژنەکانی بە گەنجی مردون، گڵەی ژنەکانی دیکەی هەریەکیان لە مەملەکەتێکە، لە چەند مانگێکدا سەردانیان دەکات، پیری بەفر کادێکە بێ خوێندنەوەی مێژووی کورد، حەزی لە خزمایەتیە، هاوسەرگیری لەگەڵ سەرجەم میللەتانی دنیادا کردووە، بێ ئەوەی وەچەیەك بخاتەوە، ناو و ناسنامەی هەڵگرێ، هەموو ئەو ژنانەی هاوسەرگیری لەگەڵ دا کردووە، هەموو نەزێك بوون نە دڵندی پارانەوە، نە نزاو پارانەوە لە خودا، نە درەختی هاوینە، نە خەیاڵ نە واقیع، نە هاوین نە بەهار، کەکی نەبوو، ئەوە تەنیا کوردە بە دیار مێژووی لە گڵەنراوی خۆیدا بە ئەمەکەوە لە پاییزدا بێ ئابردووی خۆی دەگەڵەت، بە دیار نێ گوڵ، نێ نەزێکەوە، کە لە قوناغە جیاوازەکانی مێژووی پیری بەفر دا کچی دواییانکردوە، لە هەمان کاتدا ڕەك وەك مێژووی گوندی کەتناوە، لە بەغا، تاران و ئەستەمبووڵ کۆنترە، کەچی لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، گەورە نەبووە، نەبووەتە پایتەخت، هەر لە هەناوی جوگرافیدا بەو مێژووە نەزێکە، بە گوند ماوەتەوە، پیری بەفر باسی سێیەم ژنی دەکات، ژنێکی ئەرمەنی بوو، ناوی مەرێ بوو، حەوت ساڵ ژنی بوو، بە جوانی پیری بەفری فێر سەماکرد، لەسەر خواستی مەرێ بوو گەرماوێکی ژنانەی دروستکرد، لەکاتی مردنی مەرێ، پیری بەفر بێ یەکەمجار نەخۆشکەوت، لە تاران دختەرە ڕوسییەکە پێی ووت دەردەکەت چاری نییە، سێ هەفتە زیاتر ناژیت، لە گەڵانەوەدا، نزیك ورمێ، کاتێ لە ماڵی برازای سمکێ شکاك لایدا، تورك هەرشی هێنا شەری مردنی کرد، بەڵام نەمرد، هەندجار حەزی لە مەجلیسی دەروێشان دەکرد، لە نزیك منارە چڵەی، لە نێو دەروێشەکانی شیخی نەهری دێی چووە دەروێشێك و هێنای لە هەموو جوانتر حاڵی لێدەهات، سەمای مەستانەم بینی، دەفی دەژەن، بێ زگ پێبوون حاڵی لێدەهات، زیکری دەکرد، دەنگیشی زۆر خۆشبوو، پیری بەفر گوێی لە سێ سەدو سی وسێ گۆرانی حەسەن زیرەك بووە، بەڵام شەوێکیان، مەستان دەنگی لەو خۆشتربوو، مەستان خەڵکی زێی بادینان بوو، زیکری ئاگر دەکات، بنەماڵەی ئەو لە نێوان زەردەشتی و موحەمەدییە، دوای ئەم جوانترین کیژی کرمنشاهی هێنا، ناوی فەتانە بوو لە پێشدا داوای کوێی کرد، دوایی کردی بە کچ، ڕۆژ بە ڕۆژ لە خەفەتی بێ منداڵی ڕووی لە کزی دەکرد، شێت بوو، بێ چارەسەر بردی بێ تاران، بەشێتی کچی دواییکرد، لە دواجاردا باس لە غەزال دەکات، بێ سك وزا بە هەموو زمانێك دوعای کرد، ناوی هەموو

پێغەمبەرەکانی هێنا، ئەویش بەو داخەوە مرد، پیری بەفر زمانی تورکی، عارەبی، فارسی و تازی ووسی زانییوە، سوورەتەکانی قورئانیشی لەبەربووە، خوێندەوار بوو هەموو شیعرەکانی حافز سەعدی، مەلا جەزیری و نالی ئەزبربوو، جارێ لای شێخ نەهری وەفایی بینیووە، شیعری شیرین تەشی دەسی نووسیووە، پیری بەفر دیوە بزربووەکەی حیکایتخوانە، ئەو دیوە خەیاڵئامێزەی دێنکیختە کە خەون بە ژیانی زێرباوە دەبینێ، لە شکستی و گریاندا، لە هەشکردنەوە و چەکردنەوەی کردەی نووسیندا، لە سێبەری درەختی وشەدا هەوێنی تیامانێك دەگرێتەوە، لە ئاسۆی دەقدا بە خێرکی زێرباویانە سەمای وشەکان، هەچوون و داچوونی هەستی ئادەگرێت، بۆ وەك پیری بەفر زێرباویانە هەفتار ناکەم، هەموو کچێ حەزی لێدەکات، کەسێکی پراکسیسی (کردەی)ە، جگە لە نەبوونی وەچە، هیچ تەنگەژەیەکی سێزداری نییە، متمانەی زیاتر بە جووڵەو کرداڕە، نەك بە تیرو نووسین، گەر بیەوێت گوزاریشت لە هەستێك بکات زێربا ئاسا، بە سەما دەریدەبڕێت، بە سەما دەتوانێ جێ بەگومان لەق بکات، خوێندەواری هەیە، بەڵام هیچ نانووسێت، پێچەوانەی حیکایتخوانە، وەك بیسەرێك دەمێاستی گێانەوەیەی هەمان شتزانە، کە بۆی دەگێتەوە، چی دەبیستێ و دەبینێ دەینووسێتەوە، زانیاریەکانی یەکسان دەبێت بە زانیاریەکانی پیری بەفر، لە چوار چێوەی ێماندا کە وەسفکردن جێگا بە گێانەوە چێناکات، لە ێگای زمانەوە بە ووی ێوداوەکاندا دەکرێنەوە، بە ستراتیژی هونەرمەندێك لە بری هەموویان دێتە قسان و دەنووسێت، ئاندری تارکۆفسکی دەرهێنەری ووس دەێت "هونەرمەند لە جیاتی تەواوی ئەو کەسانە قسان دەکات کە توانای قسەکردنیان نییە " 10 ،گەر زمانی پیری بەفر جووڵەو کردارو سەما بێت، زمانی حیکایتخوان بێدەنگی و هونەری نووسینە، دەستبەردار بوونیی هەوێستی سێزداری لە شوێن ەنگدانەوەی نووسین، دەبێتە ئامانجێك لە ووخساری پشتێکردنی مەریەمدا یەقدەداتەوە، لە ژێر درەختی وشەدا بەردەگرێت، پیری بەفر خەون بە ژنەوە نابینێ، هەژدە ژنی هێناوە، کەچی تەی حیکایتخوان نەتوانی تاقە ژنێك بهێنی، بە خەونیش بێت نەتوانی بگەیت بە مەریەم، لە دێندی پاانەوە دا بوو گوریسکەت پچرا، کەوتیت، نەگەیشتی بە مەریەم، دێندی پاانەوە ێنینەوەی مووەکانی خەون و خەیاڵت بوون، لەمپەرێك بوو لە جیابوونەوەی ئەزموونی دێنکیختە لە دنیای زێربا کە نزیك بوونەوەی چاو کەسك و دەرکردنی مەریەمی لێکەوتەوە، وەك پیری بەفر ناتوانێ سەما بکات، گریانیش دادی نادا، تا بە سەما گوزارشت لە هەستی بکات، پیری بەفر چێن دوورکەوتەوە، دنیاییەك کۆشەو ئاەزی بۆی نایەوە، دوو هاوینە مردوویت، زوو مردیت، نەیهێشت جیاوازییەکان

کەمبکاتەوە، ئیتر چیی بنووسێت، لەگەڵ مردنی تۆ، شووکردن و کۆچکردنی مەریەمدا، تراژیدیایی حیکایتخوان سەرهەڵدەدات، هاوستەنبوونی بە پێدراوەکانی واقیع، سەرهەڵگرتن و سەفرکردنەکەی بۆ نادیار، پشتکردنە، لە دنیای ژن، گومانە لە توانای خۆی، گومانە لە کردنەوەی پاژێکی نوێی نووسینە لە سەر درەختی کەتناوە، پێلینکردنی پەیوەندییەکانی نیوان واقیع و فانتازیایە، ئایا نووسینەکەی بەشی ئەوەی تێدا ماوە کە لە گومان بیپارێزێت، لە کردەی نووسینیدا، لە ژێر درەختی وشەدا، ئایا بە دوای سەقامگیری بزربوودا دەگەڕا، یان وەك کارەکتەرێکی دەنکیخۆتی شکەستیەکانی خۆی بە سەرکەوتنەکانی کارەکتەرێکی زێرباوی وەك پیری بەفر بەراوورد دەکرد، یان گومانکردنی لەوەدا تۆخ نابێتەوە کە مەریەم حەزی لێ نەبوو، هاووخساری ئاوێنەیەك بوو دەشکاندنێ گەورەی تێدا بوو، کە هیچ کچێ حەز لەو چروچاوە ناکات، ئەم بیرخستنەوەیە بەر لەوەی گومان لە مەریەم بکات، گومان لە خۆی دەکات، ئەوەندە بۆای بە نووسینە، بۆای بە خۆی نییە، بۆای بەوە نییە کە بتوانێ مەریەم بگۆڕێت، پەرجێ دەسەبەرکات، ویستی بە کردەی نووسین قەرەبووی هەست بە کەمکردنی بکات، داهێنان دروستبکات، گومان بزوێنەری نووسینە لەتەك دنیایی دەنیایشدا پارادۆکس فەراهەمدەکات، قەد لەگەڵ یەکتریشدا پاکنابنەوە، بەختیار عەلی دەڵێت " پاك بوونەوە لەو گومانانە پاکبوونەوەیە لە ڕیشەکانی هونەر "11 لە کۆتاییدا حەسرەتەکانی هابردوو لە نۆو خود و ئایندەی بەجێماوی دەستنووسەکە، لە درەختی کەتناوەدایە، ئایندەش لە دەرەوەی هابردووداییە، لە ئێستادا مەریەم نییە، پیری بەفریش نەماوە، ئەدی من بۆ هەبم بۆ کەتنێکی تر، بۆ داوای لێبوردنێکی دیکە کە منی حیکایتخوان لەوی نووسەر جیادەکاتەوە، گەر ئەو بەهاری هابردوو بۆ، ئەوا من لە ئێستادا هاوینی بەسەرچووم، لە پاییزییەکی نادیاردا بەرەو نەزانراو هەدیم.

کەرکووك مانگی 12 / 2021

ژیدەرەکان

1 ـ کەریم کاکە ـ درەختی کەتناوە ماڵمان ـ لە باوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکووك ژمارە 91 ـ چاپخانەی: ئاربخا، کەرکووك ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی 2007

2 ـ بەختیار عەلی ـ ناشوێن ـ چاپخانەی: کار ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی 2019 ـ ل 155

*بۆ زیاتر تەماشای لاپەڕەکانی 81، 140 ، 203 ، 163 ، ی سەرچاوەی ژمارە 1 بکە

3 ـ ئەنوەر حسین ـ ئاشنا بوون بە دریدا ـ گۆڤاری ئایدیاـ ل 131
4ـ فلیب هامۆن ـ سمیولوجیه الشخصیات الروائیه ـ ترجمه: سعید بنکراد ـ تقدیم عبدالفتاح کیلیگوـ دار الحوار للنشر والتوزیع ـ الگبعه الاولی ـ ص 43 5 ـ بەختیار عەلی ـ گوتاری مانەوە ـ چاپ و بڵاوکردنەوە: ناوەندی ڕۆشنبیری هەند ـ چاپی یەکەم ـ 2021 ز ـ ل 112
6 ـ بەختیار عەلی ـ دوا خەندەی دیکتاتۆر ـ چاپخانەی کارۆ ـ چاپی یەکەم ـ ساڵ 2020 ـ ل 257
7 ـ د صلاح فچل ـ بلاغه الخگاب وعلم النص ـ عالم المعریفه صدرت السلسله فی شعبان 1998 بأشراف أحمد مشاری العدوانی 1923 ـ 1990ـ ص 211
8 ـ جورج گرابیشی ـ ـ فی الروایه العربیه ـ دار الگلیعه للگباعه والنشر ـ الگبعه الاولی ـ 1982 ص 185
9 ـ کاروان عومەرکاکەسوور ـ (ڕۆگاکانی ژەهر)ڕۆمان ـ ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی 2017 ـ ل 5
10 ـ عەبدولخالق یەعقووبی ـ دیالۆگ و داهێنان ـ چاپخانەی خانی دهۆك ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی 2009 ـ ل 137
11 ـ بەختیار عەلی ـ ئاوەکەی ئۆرفیەس ـ چاپخانەی رجایی / تاران ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی 2014 ـ ل 205

پرسی مرۆڤ و مرۆڤ بوون لە قەسیدەی (مرۆڤ)ی تەیب قادردا… کاروان حەسەن

مرۆڤ قەسیدەیەکی شاعیر (تەیب قادر)ە. ئەم قەسیدەیە لە بڕەمی (مرۆڤێک لە نزیکمانە)دا هەیە، چاپکراوی ماڵی وەفایی و لەساڵی (2017)چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
ئەم قەسیدەیە زۆر بەوردی و قووڵی نووسراوە و دەکرێ دەیان جۆر لێکدانەوە و پشکنین و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ، لەزۆر بابەت و کۆشەی بنەڕەتی مرۆڤ دواوە و باسی کردوون و لە نێو دڕشیعرەکان دەیان کێشە و گرفت و هەژاری و چەرمەسەری و دەرد و ئێش و ئازاری مرۆڤ

خەیان حەشار داوە.
شاعیر هاتووە زەر وریایانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەش و گرفت و ئاریشە کۆمەڵایەتی و دەرد و مەینەتییە ئاڵەزانەی نەوان مرۆڤەکان کردووە. لەزەر شت دواوە وەک:(مرۆقبوون، ژینگە پارێزی، ئاکاری جوان، برایەتی، دایک، ئەمانەت پارێزی، ویژدان، دەشکان، خوێن، کوشتن، بەوابوون، ..هتد) ئیتر شاعیر بەڵای هەموو ئەو کەشە و گرفتانەدا گەڕاوە کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری هەیانە و بوونەتە لەمپەر لەبەردەم مرۆقبوون و کۆمەڵگایەکی باڵای مرۆڤایەتی، شاعیر لەجیاتی هەموان قسەدەکات، دەدوێ، دەکەشێ بە ئاوەی مرۆقبوون بگەڕێنێتەوە باری سەنگینی خەیی و مرۆڤ لەو دەردە پیس و ناشیرینە ڕزگاربکات و ڕاستەڵەی مرۆڤایەتی بگرن و وەک برا لەگەڵ یەک بژین. چونکە بەڵای شاعیرەوە مرۆڤایەتی لەسەرووی هەموو شتەکانەوەیە. هەروەها(پەیامی هزرمەندان و پەیامبەرانیش بە خەڵک یەک ڕستە بووە، ببن بەمرۆیی واتە ببن بە مرۆڤ)(1)
لەیەکەم دەستپێکەوە شاعیر دەڵێ:
مرۆڤ بوومایە
هەموو بەیانییەک زاویم گەسک دەدا
ئەم لەو پەڕی هەست بە بەرپرسیاریێتییەوە هاتووە و شاعیر دەبینە پیسی و ناشیرینی دەوروبەری مرۆڤایەتی تەنیووە ئیتر بەزارە لەو کەشە نامەعریفییە، ئەو دەیەوە بەمرۆڤایەتی بڵێ خەتان ڕزگاربکەن لەو پیسی و ئاڵەزی و ناشیرینییەی گرتووتانە بەر.
مرۆقبوون بەڵای شاعیرەوە سەرووی هەموو شتەکانە ئەوەتا بانگەوازی مرۆقبوون دەکات و لەناخی دڵەوە هاواری مرۆڤایەتی دەکات و دەڵێ:
هەمووتان برا و خوشکمن
تکایە فەرموون با بەیەکەوە بژین
ئەم بانگەوازەی شاعیر مرۆڤانەیە و لەپەناو مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی گشتی مایەی قسە و هەڵوەستەیە.
ویژدان سەرچاوەی بوون و ژیانی مرۆڤایەتییە، ئەگەر ویژدان زیندوو بوو بەگومان دڵەکان و هەموو کایەکانی مرۆڤایەتی زیندووە. شاعیر لەڕەدا مرۆڤایەتی لەو بە ویژدانی و قەبەین و فرت و فێڵانە ئاگادار دەکاتەوە و پەیان دەدا وامەکەن و بەس. ئیتر مرۆڤانە بجوڵێنەوە و هەڵس و کەوت بکەن. شاعیر لەپەناو یەک وشەدا دەنووسە و دەکەشە و خەباتی وشەی دەست پێکردووە، ئاویش (مرۆڤ)ە. ئەوەتا لەناخەوە بەدەنگی پاکەوە دەڵێ:
مرۆڤ بوومایە
بە گەورەیی، زەر گەورە، دەمنووسی : سەاو
سەاو لە ڕووناکی و پشوو و شیرینی و

هەناسەی گەرم و شتی تریش..
کتێبێکی قەبەم دەنووسی
یەک وشەم بەکاردەهێنا
مرۆڤ، مرۆڤ، مرۆڤ
شاعیر دەنگی هەژار و لەقەوماو و ئازاربەخشانی سەر زەویە، هەموو نەهامەتی و بە ئومێدی و تێشبینی و ئازارێک لە مرۆڤ بوونەوە دەبینێتەوە و ئەبێ مرۆڤ بین بە ئاوەزی یەک نەشکێنین و ئازار بەدیاری نەبەخشینەوە و خەم و خەفەت و مەینەتی بەیەک جێ نەهێلین. ئاوەتا ڕووی شیعر و دەمی مرۆڤ دەستانەی دەکاتە مرۆڤ و پێیان دەڵێ:
مرۆڤ بوومایە، ئاخ من بە مرۆڤ نەبووم؟
بەردی کەترم لەسەر ڕێگاکان بژار دەکرد
بەردەم دوکانەکانم بەهەقیقەت قەڕەباغ دەکرد
دکتۆر عەلی شەریعەتی دەڵێ: (مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیە هەر ئەمەش گەورەیی و مەزنی پێ بەخشیوە. تەنانەت بەهای ئەم ئیرادەوە جیاوازترە لە فریشتەکان و لەسەرووی ئەوانیشەوەیە.)(2)
شاعیریش لەسەر پێیامە مرۆڤ دەستی و مرۆڤ پەروەریەکەی بەردەوامە و لەهەمبەر گەورەیی و مەزنی مرۆڤەوە دەڵێ:
مرۆڤ لە چۆڵ و خانوو و گۆ گەورەترە
مرۆڤ لە ئاسمان و قەبر و خواردن گەورەترە
مرۆڤ ژیانی لەنێو دەدایە، هێک نێو دەی.
خوای گەورە دەفەرموو: (لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم)(3) کەواتا خوای گەورە مرۆڤی بەجوانترین شێوە دروست کردووە، بەو مانایەی عەقڵی پێ بەخشیوە و هیچ مەخلوقێک لەمرۆڤ باشتر و کاملتر نییە، بۆیە ئەم مرۆڤە خەی بەناشیرینترین شێوە پیشان دەدات و یەکتر دەکوژن و دەبڕن و ژان و ئێش و ئازار بەیەک دەبەخشنەوە و یەکتر دەتارێنن. شاعیر لێرەدا بەردەوامە لە پێیامی مرۆڤبوون و بەاوکردنەوەی هۆشیاری لە بارەی مرۆڤبوونەوە ئاوەتا دیسان ڕووبان تەدەکات و پێیان دەڵێ واز لەشەڕ بێنن و شەڕ ماوەرانی و کاولکاری و تێکدانی شیرازەی کەمەڵی بەدواوەیە و دەڵێ:
مرۆڤ بوومایە
شەرم نەدەکرد گەمەیەکی بەتام
شەرم لەپەنایەکدا
دەستە ژەر چەنگێک لەمۆ و دەمگووت
وسبە
شەڕ خانووەکان پێ لەبەشایی دەکات
شەڕ منداڵەکان بە منداڵی دەکات

شێ ئەتەمبەڵەکان دەکاتە ماڵی کوشتن
مارکەس ئوریلیەس دەڵێ: (ئەوەی پەیوستە مرۆڤ لێی بترسێت مردن نییە، بەڵکو پەیوستە مرۆڤ لەوە بترسێت هەرگیز دەست بە ژیان نەکات)(4)
شاعیریش پەیامی ژیان بەگوێی مرۆڤکانەوە دەچرپێنێ و پێیان دەڵێ لەجیاتی کوشتن و ڕق و کینە خستنەدڵی یەکترەوە وەک برا بژین.
هەموو مەبەست و مەرامیشی لەیەک ڕستەکەدەکاتەوە و دەڵێ:
تکایە فەرموون با بەیەکەوە بژین.
خۆشەویستی شاعیر بە مرۆڤ لەناخی دە و حەقیقەتی ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو کارەسات و ڕووداو و نەهامەتیانەی لەژیان دیویەتی کە مرۆڤکان ئەنجامیان داوە شاعیری بە لای ئەو قەسیدە پڕ لە خەم و ناسەر و حەسرەت کەشانە بردووە. ئەوتا لە پەیامەکەی دیسان ڕوومان تێدەکات و دەڵێ:
مرۆقم خۆشدەوێت هەندەی دەی ڕاستەم،
دەم چەپان نییە
مرۆقم خۆشدەوێت. بەنهەنی گریان ناخەمە چاویەوە
لاورین لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەگەر کەسێکت خۆشبوێت، ئەوا دەبێ تەنیا ئاواتی ئەوە بخوازی کە دەخۆش بێت. هەتا ئەگەر لەگەڵ تەش نەبێت)(5).
هەموو مرۆڤکان بەیەک زمان پێدەکەنن، کەواتا بە نابێ هەموو مرۆڤکانیش لەژیان کردن و مرۆڤبوونداهاوبەش بن. شاعیر لەوبارەیەوە پەیامی تایبەتی خۆی هەیە،کە مرۆڤبوون و پێکەوە ژیانە، ئەو پێی وایە ئەبێ لەبازنەیەکی بڕایەتیدا کێبڕکێ و پێکەوە بژین و لەسەر یەک سفرەی نان خواردندا دابنیشن بەئاشتی و تەبایی بەیەکەوە بژین، ئەوتا ڕووی پەیامی بەیان دەکات و دەڵێ:
فەرموون ئاشتی ئامادەیە
دە بە ئاقڵی لەسەر سفرە دانیشتووە
تکایە فەرموون، با بەیەکەوە بژین
لەگەڵ ئەو پەیامە مرۆڤ دەستانە و ئەو وشە لەبەڕزانە لەخۆشەویستی و تژی لە عەتری مرۆقبوون شاعیر ئەوە ناشارێتەوە کەوا مرۆڤ ناتوانێ ئەو پەیامانەی ئەو جەبەجێ بکات و بیان کاتە ڕابەر و ڕێنمایی بە ژیانی، چونکە ڕەزانە مرۆڤکان یەک دەکوژن، یەک بریندار دەکەن، دەی یەکتر ئازار دەدەن، دڵڕەقی و کڵێڵە ڕەقی مرۆڤی تووشی پەتای ڕق و کینە کردووە، هەروەک لە پەندی پێشینانی کوردیشدا هاتووە.(مرۆڤ بەکڵێڵە ڕەقی هیچی بە ناچێتەسەر)(6)
شاعیر ئاراستەی قسەکانی بەقوڵی بەناخی ئەوانەدا شێ دەکاتەوە و دەڵێ:

مرۆڤ بوومایە
ئەیی مرۆڤ بە وادەکات
بەچی قەرت
قەرتی زل زل لەسەر ڕێگەکاندا هەڵدەکەنت
بەچی ددان دەچەقێنێتە لەشی یەکتری و
خوێن لەگەڵ نان، لەگەڵ پشوو،
لەگەڵ نیوەڕۆکانیان، لەگەڵ ئێوارەکانیاندا دەخنوێ؟
خوێن، خوێن، خوێن، باغەڵم پە بووە
پەپە لەخوێن بووە،
لەخوێن دەترسم.
شاعیر بەردەوامە لە پەیامە جوان و مرۆڤ دۆستانەکەی و ئەمجارەیووی مرۆڤانەی لە منداڵان دەنێت و پێیان دەڵێت:
مرۆڤ بوومایە
منداڵەکانم دەخستە پشوەی ژیان و
پەم دەگووتن: ژیان گەورەترە لەمردن
پێکەنین باشترە لەگریان
بەئارەزووی خۆتان ئاسوودەیی بەکاربهێنن
بەئاسوودەیی بەختەوەری بخڕن
بەبەختەوەری تەمەنتان لەو شوێنانە دابنێن
کە پێتان خۆشە
بەدەی خۆتان، زەر بەهەواشی
قیچ قیچ، گەورەبن و
ژیان ململانێیە، خەم بە یەکتری هەمەگرن
ئازار ناکرێتە دیاری.
لەم قەسیدەیەدا دەیان پرس قسەیان لەسەرکراوە و هەموشیان لەچواچۆڵەی پەیامی مرۆڤانە و ئەداکردنی مرۆڤبوونەوەیە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاو شاعیر مەبەستی ئەوەیە مرۆڤانە بیربکەینەوە و بژین و بەوانین، ئەوەتا باس لە ماکەکی پیسی نەو کۆمەڵ دەکات و ئەویش خەریقورتاندن لەکاروباری خراپ و چوونە ناو باسێک کە پەیوەندی بەوانەوە نییە، شاعیر دەڵێت:
نقورچم لەخەمی هیچ کەسێک نەدا
تەنیا ییم لەپێش مانی هیچ کەسێک نەدەژاند
ناوقەدی هیچ کەسم نەدەنووشتاندەوە و
دڵی هیچ کەسێکم نەدەداند.
مرۆڤبوون بەڵای شاعیرەوە جوانترین ڕەوشت و خووی مرۆڤە، بەیەهمیشە ئەوەی لەلا حەسرەتە کەبەچی مرۆڤ نەبین(مرۆڤ بوون بەمانا ڕاستی و قوڵ و فەلسەفیەکەی)نەوەک بەڕووکەشی، شاعیر ئەو پاروو

نانی هەیەتی لەگەڵی حەقیقەتی مرۆڤبوونەوە هاوبەشی پێدەکات لەگەڵ نەدار و هەژارانی دەوروبەر و چواردەوری. ئەوەتا دەڵێ:

مرۆڤ بوومایە
بەکەرتە گوڵزەکی گەنج ئازی دەبووم و
ئێم هەموو خەراکانم بە سکە بەتاڵەکان دەنارد
دەستی قەخەکانم دەگرت و
بە یەک دەنکە ترێ
لەسەر دەستی خەشبەختی لەگوڵە گەنمەکانم مارێ دەکردن

هاوڵێیەتی پرسەکی تری ناو قەسیدەی (مرۆڤ)ە و شاعیر لەوە تێگەیشتووە کە زەمانێیەک تێیکەوتووین هیچ شتێک لەسەر ڕێچکە و ڕێباز و بنەڕەتی خەی ناڕوات و ژیان ئاڵۆز و زەحمەت و پڕ کێشمەکێشە. بۆیە هاوڕێیەتیش لەم سەردەمەدا وەک خەی نەماوە و گۆڕاوە، شاعیر دەیەوێ ئەو کەڵەن و بەشایی و خۆشە ناشیرین و نا مرۆڤانە بسرێتەوە و هاوڕێیەتی بگەڕێنێتەوە دەخی جوانی و ڕەسەنی خۆیەوە. ئەوەتا دەڵێ:

کورسی بەتاڵم لەبەینی هاوڕێیەکان نەدەهەشت و
پێم لەخەشبەختی و ئەمان دەکرد.

متمانە وەک چەمکێک خاڵەکی بنەڕەتی نێوان مرۆڤکانە. بەڵام لەگەڵ ژگاری ئەمڕۆدا متمانە کەم بووە یان دەتوانین بڵێین وەک سەردەمی پێشوو نەماوە و ڕەڤانە کێشە و گرفتی متمانە نەبوون لەلایەن مرۆڤکان سەرهەڵدەدات و بەدیان کەسی لێک کردووە، شاعیر دەڵێ پێویستە مرۆڤ بین بە ئەوەی متمانەمان بەیەک هەبێت و لەگەڵ یەک بە ڕاستی بژین، بۆیە گرنگە مرۆڤ بین و بەمرۆڤانە بژین.

ئەگەر مرۆڤ بوومایە
کاتێک تەنیا دەبووم، دەبووم قاسەی متمانە
بە ئەو کەسانەی
چوار قسەی گەچراوی خەیانیان بە باس کردووە
نەدەبووم چەکاو
چەکاو شمەکی دەور و بەر پیس دەکات
نەدەبووم دوکەڵ
دووکەڵە قوڕگی مرۆڤکان دەخوسێنێت
نەدەبووم دەمانچە
پەمخێشە برین بە کەیار بێت.

هەمیشە گفتوگۆی ئارام و دانیشتن بەیەکەوە لەسەر کێشەکان ئەنجامی باشی لەکەوتتەوە و باشتر بووە لە لێکتێنگەیشتن و زمانی هەڕەشە و شەڕکردن، بۆیە ئەگەر لێکتێگەیشتن هاتە ئاراوە ئەو هەموو کوشتن

و بەین و ئازیەی مرۆف دروستی کردووە بەو شێوەیە نەدەبوو، شاعیر دلنیایە لەوەی ئەگەر مرۆف بایە ئەوا :

خەکوشتن و ئەویتر کوشتنم دەکردە مەیلەکی کەن
هەر زەر زەر کەن
بەدوو قسەی خۆش
داڵکانم دەکردنە کەتر و
لەمالی پەپوولەخانمم دوور دەخستنەوە و
مالی خەیبم لە ڕەخ قومە ئاوەکی قەنداویی
بە دروست دەکرد.

لەکەتایبدا وەرن با پێکەوە وەک مرۆف بژین.

کاروان حەسەن / هەولێر

سەرچاوە و پەراوێزەکان :

(1)محەمەد جەودەت، هونەری مرۆڤبوون، سایتی هەولێر.

(2) مرۆف، دکتەر عەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی: موسعەب ئەدهەم، چاپی سێیەم، 2014 سلێمانی

(3) قورئانی پیرۆز، سورەتی (تین) ئایەتی (4).

(4)جوانترین وتە ئامادەکردن و وەرگێڕانی: کارزان نووری عوسمان، چاپی دەیەم ، 2013 هەولێر.

(5) جوانترین وتە ئامادەکردن و وەرگێڕانی: کارزان نووری عوسمان، چاپی دەیەم ، 2013 هەولێر.

(6) پەندی پێشینان، کۆکردنەوەی : کاروان عوسمان چاپی یەکەم ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی ڕۆنما، ل 345

(7)مرۆڤ لەنزیکمانەوە، شیعر ، تەیب قادر، چاپی یەکەم 2017

هەواڵی پیس و پڕخۆکان و ڕاگەیاندنکی قەزوان... ڕەسوا بەختیار

- گەنجێک چەقۆیەکی لەهاوڕێیەکی دا، دوو بریندار گەیاندرانە نەخۆشخانە.
- باوکێک منداڵەکانی خۆی دەکوژێ.
- لەسەر میرات دوو بنەماڵە بووە شەڕیان سەر کەس کوژراوە، پۆلیس چەند کەسێکی گرتووە.
- ئاو بەنزینە هەموو ئۆتۆمبیلەکانی پێکخستووە.
- نووسەرێکی ناودار پێویستی بەهاوکاری هەیە.

هەموو ئەمانە و دەیان و سەدان مانشێتی ڕۆژانە، لەتەڵەکەماڵایەتییەکان دەبینەرە، زەربەی بە لایەک کەردنەوە و دژایەتیکردنی بەرێزێک دژ بە بەرێکی دیکە، جگە لەوەی هەموو ئاو هەواڵانە ناخ هەژێنن، دەبینەرە دەیانەوێ چ ژەهرێک فڕێبدەنە ناو کەمەگە، بەرزکردنەوەی چەند کەسێک لەسەر حسێبی چەند کەسێکی دیکە و هەڵشتنی دەروونکی پیسی لەمژینەی چەند کەسێک ئامانجیانە بەچاوانی خەیان ببینن تاکی کورد تا چەند بەرەو ڕسوایی هەنگاو دەنێ.

کاتێک باس لەپەروەردە دەکرێ، هەمووان پەدکەنن و ئاو بابەتە پەراوێز دەخەن، چەندین قسە و باسی بەتاڵ و خاڵی لەمەعریفە دەخەنە ڕوو، وا لەو کەسە دەکەن بیر لەپەروەردە نەکاتەوە، بە خەی هەرچەنێک بە نەخش دەربڕنێ.

